پرسەکانی ئافرەت لەهەردوو رەهەندی رامیاری و ئاییندا

نصر حامد أبو زید

و: ئومێد عوسمان

ئەگەر پرسەکانی ئافرەت لەکرۆکدا پرسی مرۆیی کۆمەڵایەتییە، بەواتای جیانەبونەوەی لەپرسەکانی پیاو، ئەوا بەشێکی رەسەنیشە لەپرسی بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەواقیعی دیاریکراوی مێژوویدا. ئەمەش بارودۆخی پیاوو ئافرەت پێکەوە لەسەمتی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و فیکریدا دیاریدەکات. لەوانەش نین نکۆڵی لایەنی بایۆلۆژیای سروشتی ناوازە بەپێی مەرجە دیاریکراوەکانی بارودۆخی مرۆیی بەگشتی بکەین.

پێویستە لەتێهەڵچونمان لەگەڵ گوتاری رامیاریدا دەمامکی ئایدۆلۆژیای ئاوەژوو کردن کەبەمەبەست و بێ مەبەست مومارەسەی دەکات، ئاشکرا بکەین. ئەویش بەئاشکرا کردنی راستی ئەو بۆچونانەی هەوڵی سەرکوتکردنی تەواوەتی مرۆڤ دەدات و لەوێشەوە دەست پێدەکات کەپێی وایە بازنەی لاوازە لەمرۆڤدا، واتە ئافرەت. ستەم کردن لەئافرەت لەهاوبەشیکردنی لەدارشتنەوەی بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ کەخۆی لەئافرەتی خۆشەویست و هاوسەرو دایکدا دەبینێتەوە، دادەبرێت. بەم شێوەیە پیاو بەتەنیاو لاوازو زۆرجاریش بەبەزیوی دەچێتە شەرەکەوە.

گرفتی قسەکردن لەپرسەکانی ئافرەت، ئازادیەکەی یان خوێندنەکەی یان یەکسانی بەپیاو، ئەمە جگەلە پۆشاک و پێگەی مرۆڤایەتی لەکۆمەڵگەدا، لەدیدی دەقە ئایینی و فیکرە ئایینیەکانەوە قسەکردنێکە لەلایەکەوە بەئاسۆی ئەو دەقانەوە پابەند دەبێت

کەوابوو ئەگەر پێویستە بەئەرکی ئاشکراکردنی دەمامکی ئایدۆلۆژیای ئاوەژووکردنی هۆشمەندی، هەروەها لەگەڵ گوتاری ئاییندا هەڵسین، ئەوا پێویستە لەسەرمان لەپاڵ ئەوەدا مشتومڕی ئایدۆلۆژی بەدوور بگرین و پەنا بۆ هەمان چەکی کاریگەر بەرین، چەقی تەئویلکردنی دەق و هەڵوێستە ئایینیەکان.

پرسی ئافرەت هەرگیز بەرباس ناخرێت جگەلەو وەسفەی پرسێکی کۆمەڵایەتییە. خستنە نێو بازنەی پرسە ئایینیەکان لەراستیدا ئاوەژووکردنیەتی و کوشتنی هەر توانایەکی گفتوگۆکردنی ئازادە لەو بارەیەوە.

گرفتی قسەکردن لەپرسەکانی ئافرەت، ئازادیەکەی یان خوێندنەکەی یان یەکسانی بەپیاو، ئەمە جگەلە پۆشاک و پێگەی مرۆڤایەتی لەکۆمەڵگەدا، لەدیدی دەقە ئایینی و فیکرە ئایینیەکانەوە قسەکردنێکە لەلایەکەوە بەئاسۆی ئەو دەقانەوە پابەند دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە لەمیکانیزمی مشتومڕەکان لەگەڵ پێشنیازەکانی گوتاری ئایینی ریشە قوڵ لەخاکەکەیدا قەتیس دەبێت. هەردوو مەسەلەکەش دەبێتە قەتیسکردنی مشتومڕ لەچوارچێوەیەکی تەسکدا کەچوارچێوەی حەڵاڵ و حەرامە.

چوارچێوەیەکە رێگە بەئاڵوگۆڕی ئازادی فیکرەکان نادات، جگەلەوەش چوارچێوەیەکە لەبازنەی دووبارە بونەوەی پرسیارە کلاسیک و زانراوەکان قەتیسمان دەکات و لەسنوری هەندێک پرسیاری ئامادەکراو کەپێشتر لەم رەوت یان ئەویتریان زانراوە، ئیکتیفا دەکات.

کاتێکیش گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی بەگشتی و گرفتی ئافرەت بەتایبەتی لەدیدی ئایین و ئەخلاقەوە بەرباس دەخرێت لایەنەکانی گرفتەکە پەرش و بڵاو دەبێت و لەتەمومژی تەئویلاتی ئایدۆلۆژیای پراگماتی دەقە ئاینیەکان وێڵ دەبێت. لەوەش گرنگتر مشتومڕکردن لەروانگەی ئاین و ئەخلاقەوە بەشاردنەوەی ئەنقەستی رەهەندەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بەپشتگوێ خستنی بەمەبەست دادەنرێت لەپەیوەندی ئافرەت بەپیاوەوە لەسیاقی راستێتی و چوارچێوەی کردەییدا، تەئویلاتە پراگماتیە ئایدۆلۆژیەکانی دەقە ئاینیەکان هەرگیز نابێتە وەرچەرخانی بارودۆخی ئافرەت و بارودۆخی مرۆیی بەگشتی نەبە چاک نەبەخراپ.

کەواتە دەبێت هەمیشە وشیاربین کەرزگاربوونی ئافرەت خۆی لەمومارەسەکردنی مافە سروشتی و مرۆییەکانیدا دەبینێتەوە و لەرزگاربوونی پیاویش جیاواز نییە کەخۆی لەتوانای مومارەسەکردنی سروشتی لەئاست تەواوی رووە جیاکاندا دەبینێتەوە. دەبێت هەردەم باس لەوە بکەین کەئەم رزگاربوونە مرۆییە بەندە بەسیاقی رزگاربوونی کۆمەڵایەتی و فیکری گشتی لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا. ئەویش ئەوکاتەی بزووتنەوەی کۆمەڵگە بزووتنەوەی هەڵکشانە بەئاراستەی پێشکەوتندا. لەم بزووتنەوەیەدا سەرجەم رەگەزەکانی بوونی کۆمەڵایەتی بەهەوای پاکژی ئازادیدا دەکرێتەوە و هەردوو سیەکانی (ئافرەت و پیاو) پڕ دەبێت لەکەشی ئازادی تێربوو بەبەهاو داد، واتای ئەوەش، رزگاربوون حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی گشتییە بەندە بەبەدیهێنانی مەرجەکان و تەنیاش بەهەموو جۆرەکانی خەبات فەراهەم دەبێت، کەخەباتی رۆشنبیری فیکریش بەرەهەندێک لەرەهەندەکانی دادەنرێت. بەڵام تاکە رەهەندیش دەبێت کەبەرووبومی نادات تەنیا بەهاوەدنگی نەبێت لەگەڵ رەهەندە خەباتگێڕیەکانی تر لەیەک کاتدا.

ئەو پرسیارەش کەکەس بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆی نەچووە، ئەوەیە بۆچی راوەستان و دواکەوتویی دەبێتە شەقڵی واقیعی کۆمەڵایەتی و فیکری، (بارودۆخی ئافرەت) دەبێتە پرسێکی خۆشی سەرزار، بۆچیش کاتێک پەردەی راوەستان بەسەر ئەقڵی نەتەوە و رۆشنبیریەکەیدا دادەدرێتەوە، ئەم دیمەنی داگیرکردنە یەکەم جار لەسەر رۆح و ئەقڵ و جەستەی ئافرەت بەدەردەکەوێت!

بۆچی هەمیشە پاساوی هەموو ئەمە بەخوێندنەوەی پیت بەپیتی دەقە ئاینیەکان دەبێت؟! ئەوەی سەیرە، گوتاری ئاینی میانڕەو و دواکەوتنی بارودۆخی ئافرەت بۆ سستی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەم هەڵاودێرو هۆمۆسێکشواڵە (شذوذ) بەلەبەرچاوگرتنی ئیسلام بۆ جیاوازییە سروشتیەکانی نێوان پیاوو ئافرەت پاساو دەداتەوە. بۆ نمونە الغزالی دەڵێت: (ئیسلام پیاوو ئافرەتی لەکۆمەڵێک ماف و ئەرک دایەکسان کردووە). خۆئەگەر جیاوازی هەیە. ئەوا بارێز بۆئەسڵی خۆرسکی مرۆڤایەتی ئەو جیاوازی وەزیفانەش کە لەسەری دادەمەزرێت دابنرێت. ئەگینا فەرموودەی خوا هەیە: (فاستجاب لهم ربهم أني لا أضيع عمل امل منكم من ذكر أو انثى بعضكم من بعض) يان (من عمل صالحا من ذكر أو انثى وهو مؤمن فلنجينه حياة طيبة ولنجزينهم أجرهم بأحسن ماكانوا يعملون).

هەروەها دەڵێت (بەڵێ هەڵاودێرکردن هەیە کە بۆ سوکایەتی پێکردنی ئافرەت دروست نەبووە، بەڵکو بۆ گونجاندن لەگەڵ سروشت یان وەزیفەی کۆمەڵایەتی دانراوە، هەروەک خودا دەفەرموێت: (ومن يعمل من الصالحات من ذكر أو انثى وهو مؤمن فأولئك يدخلون ولا يظلمون نقيرا).

گوتاری ئایینی میانڕەو بەئاگا نیە، چونکە ئەو دەقانەی کە بەبناغە لەپرسی ئافرەت دا دادەنرێت، دەق گەلێکن هەموویان ئاماژە بەیەکسانی پاداشتی ئاینی رۆژی دوای دەکەن و، ئەو دەقە کەمو ریز پەڕانەش کەبەهەڵاودێر لەدەقەکاندا دادەنرێن. ئاماژە بەنایەکسانی لەکاروباری ژیانی دونیادا دەکەن. لەبری ئەوەی هەوڵ بدات لەدەقە هەڵاودێرکراوەکان بگات بەو وەسفەی دەقی خاوەن دەلالەی مێژوویی کۆمەڵایەتی راستەوخۆیە و پێویستە سەرلەنوێ لەژێر رۆشنایی دەقە بنچینەییە یەکسانەییەکان تەئویل بکرێتەوە.

لەبری ئەوە گوتاری ئایینی میانڕەو و پەنا بۆ پاساودان دەبات - لەبری شرۆڤە و راڤەکردن - ئەوە بۆ مەسەلەی "جیاوازی بایۆلۆژی" دەگەڕێنێتەوە. بەم جۆرە میانگیری کەدەستی بە پەراوێزی پێشکەوتنەوەیە - بەرەو بەیەکگەیشتن لەگەڵ گوتاری پاشەکشەکردن دا - کۆتایی دێت، چونکە بناغەی مەعریفی هەردوکیان لەڕاستی دا یەکێکە.

لەڕاستیدا پەنابردن بۆ دەقی ئاینی هەڵاودێر کراو -الاستثنائية- و بگرە خوێندنەوەی پیت بەپیتی، لەخۆیدا نیشانەی شت -علامة دالة- دەنوێنێ لەسیاقی پرسیارکردنی سەرەکیمان لەم بڕگەیەدا: بۆچی پرسی ئافرەت بازنەیەکی لاواز دەنوێنێ و لێیەوە تێکشکان و پاشەکشەی کۆمەڵایەتی و فیکری دەست پێدەکات؟ لەسیاقی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا رۆحی گونجاندن و پێکەوە هەڵکردن باڵا دەست دەبێت و، مرۆڤ لەمیانەی پەیوەندییە یەکگرتووە بەیەکچووەکاندا تا ئاستێکی دوور دەجوڵێت، لێرەدا بەشێوەیەکی تایبەت بۆپەیوەندی گروپە جیاوازە ئاینی و ئیتنیکی و رۆشنبیرییەکان کەلەوەشدا پەیوەندی نێوان پیاوو ئافرەت هەڵاوێرد ناکرێت، بەڵام ئەم چنراوە یەکگرتووە گونجاوە دوچاری پەرتبوون دەبێت لەگەڵ گۆڕانی بزوتنەوەی کۆمەڵگە لەرابوون و پێشکەوتنەوە بەرەو راوەستان و دواکەوتن.

ئەم گرێدانەی کە لەنێوان پرسی ئافرەت و پرسەکانی لەبەر یەکترازانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی دایدەمەزرێنین، گرێدانێکی وێناکراو و زهنی نیە.

گوتاری ئایینی کەپێداگری لەسەر پرسی ئافرەت دەکات، هەر خۆیەتی پێداگری لەسەر پرسی بارودۆخی کەمینە ئاینییەکان لەسیستەمی ئیسلامی دا دەکات. گوتاری ئاینییە هەوڵی دامەزراندنی دەدات.

ئامانج لەمەسەلەکە ئەوەیە کەگوتاری میانڕەو هەوڵ دەدات خۆی بەپێشکەوتنخواز نیشان بدات، بۆیە دەست بەدەلالەتی دەقە بنچینەییەکانەوە دەگرێت و پاساوێکی ئایدیۆلۆژی بۆ دەقە هەڵاوێردکراوەکان دەهێنێتەوە. بەڵام ئەم پاساو هێنانەوەیە بۆ خۆی رێگە بۆ گوتاری پاشەکشەکردن و پەرگیری خۆش دەکات تا خوێندنەوە پیت بەپیتییەکانی خۆی کەبۆ تێکشکان تەرخانکراون پێشکەش بکات و لە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی چنراوە (نسیج) کۆمەڵایەتی نەتەوەدا بەشداری بکات.

گوتاری ئاینی میانڕەو دواکەوتنی بارودۆخی ئافرەت بۆ سستی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەم هەڵاودێرو هۆمۆسێکشواڵە (شذوذ) بەلەبەرچاوگرتنی ئیسلام بۆ جیاوازییە سروشتیەکانی نێوان پیاوو ئافرەت پاساو دەداتەوە

ژێدەر: سایتی تەنویر.■

ئایین و خودا پەرستی راستەقینە

ئازاد کەریم

یەکێک لەبیریارانی ئیسلامی دەڵێ: (رۆشتمە خۆرئاوا، ئیسلامم بینی، بەڵام موسوڵمانم بەدی نەکرد، کەهاتمەوە خۆرهەڵات، موسوڵمانم بینی، بەڵام ئیسلامم بەدی نەکرد).

لەراستیدا مەغزای ئەم قسەیە پەیوەندییەکی قوڵی بەچەمکی ئایین و خوداپەرستیەوە هەیە، ئاینێک کەپەیوەندییەکی رۆحی نێوان مرۆڤ و خودایە، مەرجی ئایین پێشکەش کردنی خوداپەرستیەکی راستەقینەیە، پاش ئەوەی دەبێ خودا بناسیت، لەخۆرهەڵاتدا، گرفت لەنەبوونی ئایندا نییە، وەک ئەوەی مرۆڤەکان بەدوای ئینتیمای ئایندا وێڵ بن، بەڵکو گرفت لەوەدایە، تا چەند ئەم مرۆڤانە پابەندن بەخوداپەرستی راستەقینەوە؟ بەمانایەکی تر تا چ ئاستێک ئایین، وەک پەیامێکی رۆحی توانیویەتی موخاتەبەی لایەنە مۆراڵی و مرۆییەکانی مرۆڤەکان بکات؟ ئەگەر وەزیفەی ئایین تەنها سەپاندنی کۆمەڵە ئیلتیزامێکی جەبری و قەدەرییانە بێت و شەتەکدانی مرۆڤ بێت بەکۆمەڵە سروت و رێ و رەسمێکەوە. ئەوە ئایین لەجیاتی دروستکردنی مرۆڤ وەک بونەوەرێکی سودمەندو ئازادو چالاک. وێنای پەیکەرێکمان بۆ بەرجەستە دەکات. کەتوانای گۆڕان و تێگەیشتنی نەبێت. هاوکات ئەگەر وەزیفەی ئاینیش پێکهێنانی مرۆڤێک بێت لەسەر بەها رۆحی و مرۆییەکان. ئەوا ئێمە لەمبارەدا قەرزاری ئاینین. بەو مانایەی کەئەگەر هاتوو ئاین توانی تا ئەو رادەیە پەیوەستمان بکات بەکۆمەڵە بەهایەکی مرۆیی بەرزو جوانەوە. وەک (راستگۆیی، وەفاداری، لێبوردەیی، دەستپاکی، لێخۆشبوون، رێزگرتن، خۆشەویستی، چاک وتن، چاکەکردن، ... تاد)، ئەوا پێویستە هەمومان لەناخی خۆماندا خوداپەرستێکی راستەقینە بین، ئەگەر هاتوو سروت و رێ و رەسم و داواکاریەکانی ئاینیشمان پیادە نەکرد.

کاتێک بەزۆر شوناسی ئاینی و موسوڵمان بوون دەسەپێنن، بەسەر مرۆڤەکاندا، یاخود خۆمان دەبینە هەڵگری ناسنامەی موسوڵمان و دەمانەوێ ئاین پەروەر بین، کەچی لەولاوە درۆ دەکەین و دزی دەکەین و خیانەت دەکەین و تیرۆر دەکەین و ... تاد؟ دەبێ کامەبێ ناوەڕۆکی خوداپەرستی؟

ئەو دیاردەیەی کەلەخۆرهەڵاتدا، لەمەڕ ئایین و خوداپەرستی بەگشتی و کۆمەڵی ئێمەدا بەتایبەت دەبینرێ، بەراستی جێگەی تێرامان و سەرنجی پێویستە، چونکە رۆژانە بەهەزارەها موسوڵمان دەبینین. بەڵام ناکرێ هەموو ئەوانە بەخوداپەرستێکی راستەقینە ئەژمار بکەین، بریار وایە پێکهاتەی زۆرینەی کۆمەڵی کوردەواری ئێمە موسوڵمان بن، بەڵام هەرگیز ناکرێ، ئەو پێکهاتەیە بخەینە ریزی خوداپەرستەکانەوە. چونکە دەکرێ مرۆڤ موسوڵمانیش نەبێ، بەڵام خوداپەرستێکی دڵسۆزو راستگۆ بێت لەگەڵ ناخی خۆیدا، من ئەگەر توانیم درۆ نەکەم، خراپ نەڵێم، رێزو خۆشەویستیم هەبێ بۆ نیشتمان و نەتەوەکەم، خیانەت و ناپاکی بەرامبەر ئەنجام نەدەم، دەستپاک بم، ئەو کات گوزارشتم لەخودا پەرستیەکی راستەقینە کردووە با موسوڵمانیش نەبم.

بەڵام کاتێک بەزۆر شوناسی ئاینی و موسوڵمان بوون دەسەپێنن، بەسەر مرۆڤەکاندا، یاخود خۆمان دەبینە هەڵگری ناسنامەی موسوڵمان و دەمانەوێ ئاین پەروەر بین، کەچی لەولاوە درۆ دەکەین و دزی دەکەین و خیانەت دەکەین و تیرۆر دەکەین و ... تاد؟ دەبێ کامەبێ ناوەڕۆکی خوداپەرستی؟

بەراستی سیماو حەقیقەت بەشێکی هەرە زۆری ئاین پەروەری و موسوڵمان بوونی مرۆڤەکانی خۆرهەڵات و کۆمەڵی ئێمەش لەو موسوڵمانە روکەشانەن، کەدرۆ دەکەن و دزی دەکەن و ناپاکی ئەنجام دەدەن، کەچی خۆشیان بەخودا پەرست دەدەنە قەڵەم. ئاخر ئەمە کەی ئاین پەروەری و خودا پەرستی راستەقینەیە کە هەموو ئەو کەسانەی دەچنە مزگەوت بۆ نوێژێک، لەم وڵاتە موسوڵمان نشینەی ئێمەدا، کەتا لێدەبێتەوە لەنوێژەکەی، دڵنیا نییە لەوەی کەئاخۆ پێڵاوەکانی لەلایەن برا موسوڵمانەکەیەوە دزراوە یان نا؟ یاخود لەنێو بازارو لەگەرمەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردندا. ئاگای لەهەموو ئەو بەناو موسوڵمانانە نەبێت کەبچوکترین دەرفەتی سەرقاڵ بوون دەقۆزنەوە بۆ دەست بڕین و شتی لەم جۆرەی دیکە.

لەخۆرئاوا ئەگەرچی مرۆڤەکان لەوێ، نەئاین پەروەرن و نەخودا پەرستیشن، کەچی لەموسوڵمانەکانی ئێرە زیاتر پابەندن بەچەمک و بەهاو رەوشتی ئاینی و خوداپەرستی راستەقینەوە. مرۆڤەکان لەوێ، بەپێچەوانەی موسوڵمانەکانی ئێرەوە، یەکەم ناوی خۆیان ناونەناوە (خوداپەرست و موسوڵمان و موجاهیدو... تاد) کەچی لەناخەوە ئامادەنین، (درۆ بکەن، دزی بکەن، رقیان لەمرۆڤەکانی تر بێت، توند رەو بن،...) هەموو ئەو شتانەی ترکەمەگەر لای موسوڵمانانی ئێرە جێگەیان بێتەوە.

ئەو بیریارە ناهەق نەبووە، کەبڵێ لەخۆرئاوا ئیسلام هەیە، بەڵام موسوڵمانی لێ نییە، بەپێچەوانەشەوە لەخۆرهەڵات و لەنێو جەرگەی ئاینەکاندا، بەملیۆنان موسوڵمان بوونیان هەبێ، بەڵام ئیسلام بەدی نەکرێ و رواڵەتی ساختەکاریانە بەسیمای خۆیانەوە دەدرێ.

هەمووما لەنێو قوڵایی ئەم موسوڵمانان نشینەدا، شەوانە دڵنیانین لەماڵەکانمان، لەخۆمان، لەسەروەت و دارایمان، لەشەرەف و کەرامەتیشمان، کەچی دەمانەوێ بڵێین کۆمەڵەکەمان پڕاوپڕە لەمرۆی خودا پەرست.

ئەم هەموو کێشەو گیروگرفتەش کەدروست دەبێ لێرە، بەتایبەت گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەئایین هاتۆتە نێوکایەکانی ژیانی ئێمەوە، بەڵام نەیتوانیوە سیفەتی خوداپەرستی راستەقینە لای مرۆڤەکان دروست بکات.

ئەگەر ئەم هەموو موسوڵمانەی لێرە بەدی دەکرێن، هاوکات لەناخیشەوە خوداپەرستێکی راستەقینە بوونایە، ئەوا ئێمە هەرگیز رووبەرووی گرفت و نەهامەتی نەدەبوینەوە. بۆیە ئینتیما بوون بۆ ئاین تا ئەو رادەیە، گرفت دروست دەکات کەئایین ناتوانێ لەلایەک خوداپەرستێکی راستەقینەوە و راستگۆمان بۆ دروست بکات، لەلایەکی تریشەوە موسوڵمانان تەنها بەرواڵەت و روکەش پابەندی ئاینین و لەمەشدا تەنها نەگبەتی توشی مرۆڤەکانی تر دەبێ، کەچاوەڕێی بەرهەمەکانی خوداپەرستین!

بەدەر لەمانەش لەخۆرهەڵات و لای ئێمە ئاین بەفرۆفێڵەکانی سیاسەت پڕکراوە و هەموو ئەو موسوڵمانانەی تریش نەیانتوانیوە وێنەیەکی خوداپەرستی راستەقینەمان لا بەرجەستە بکەن، بەجۆرێک هەموو جیاوازی و جیاکارییەک لەبەر بەرژەوەندی سیاسی خۆیان دەکەن.

دواجار مەسەلەکانی ئاین و خوداپەرستی پێویستیان بەلەسەر راوەستانی زیاتر هەیە، بەشێوەیەک ناکرێ ئاین چیتر پەلکێش بکرێ رووەو مەرام و مەبەستە شەخسی و دەستە جەمعیەکان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە مرۆڤەکان روخساری خۆیانی پێ داپۆشن، کەچی لەژێریشەوە نەک خوداپەرست نین، بەڵکو هەرچی بۆیان بکرێ لەخراپەکاری و رەفتاری نائاینی ئەنجامی دەدەن. بەرامبەر بەکۆمەڵ و مرۆڤەکان لەچین و توێژە جیاوازەکان، بۆیە ئەم خوداپەرستیەی لای ئێمە پێویستی بەچاکسازی و پاکسازی هەیە، نەک روکەش و رواڵەتکاری و دەست بڕین، کەدیاردەکانی ئەم ئاین پەروەرییە ساختەکارییە مرۆڤەکانی سەرگەردان کردووە.■

ئینتیما بوون بۆ ئاین تا ئەو رادەیە، گرفت دروست دەکات کەئایین ناتوانێ لەلایەک خوداپەرستێکی راستەقینەوە و راستگۆمان بۆ دروست بکات، لەلایەکی تریشەوە موسوڵمانان تەنها بەرواڵەت و روکەش پابەندی ئاینین و لەمەشدا تەنها نەگبەتی توشی مرۆڤەکانی تر دەبێ، کەچاوەڕێی بەرهەمەکانی خوداپەرستین!